بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان: بە زووترین کات بڕەمەهەنانی غاز لە کێڵگەی کەرمێر دەستپێدەکاتەوە



بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم رایدەگەیەنێت، تیمەکانمان لەسەر هێڵن کە بە زووترین کات بڕەمەهەنانی غاز لە کێڵگەی کەرمێر دەستپێبکاتەوە و دەڵێت، " لە پلاندا نییە بڕەمەی غازی کەرمێر هەناردەی دەرەوە بکرێت".

د. ئەحمەد موفتی بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند، لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە پێنج جار هێرشکراوەتە سەر کێڵگەی غازی کەرمێر لە کاتێکدا هەرەمی کوردستان 50 %ی غازی سروشتیی عێراقیش بڕەمدەهێنێت.

بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم جەختیکردەوە و وتیشی، "بڕەمەی غازی کەرمێر هەناردەی دەرەوە ناکرێت و بەهۆی هێرشکەی دوێنێوە ئێستا تەنها 1200 مگاوات کارەبا بڕەمدەهێندرێت و 70%ی بڕەمەنانی کارەبا لە ڕێگای غازی کەرمێرەوە دابیندەکرێت.